سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە گرنگە دامودەزگا ڕۆشەنبیرییەکانی نێوان عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران تەواو بکرێت

ammaralhakeem.com
ammaralhakeem.com

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز سەماحەتی شێخ محەمەد مەهدی ئیمانی پۆر سەرۆکی ڕێکخراوی ڕۆشەنبیری و پەیوەندییە ئیسلامییەکان، بەڕێزیان بوخێرهاتنی میوانەکەیان کرد لە عێراق و ڕوونی کردەوە کە گرنگە کاملبوون و تەواو کاری هەبێت لەنێوان دەزگا رۆشەنبیرییەکانی نێوان عێراق و کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندی هەردوو گەلەکە بکات، لەگەڵ گرنگی قۆستنەوەی هەموو خاڵە هاوبەشەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرییەکان.

سەماحەتی ئاماژەی بەوەکرد کە واقیعی کەلتووری ڕووبەڕووی ئاستەنگییەکی گەورە دەبێتەوە، لەوانە ئەو بیرۆکانەی کە بێگانەن بە کۆمەڵگاکانمان و داوای چارەسەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەرەوپێشبردنی ئەم بیرۆکانە بگرن.

هەروەها بەڕێز حەکیم جەختی کردەوە لەسەر وەبەرهێنانی سەردانی میوانانی مەزاری ئیمام حوسێن (سڵاوی لێ بێت) و بڵاوکردنەوەی کەش و هەوای برایەتی بۆ کۆکردنەوەی خەڵک، چونکە ئەم سەردانە دیاردەیەکی جیهانییە کە چەندین کەلتوور و خەڵک و ڕەگەز کۆدەکاتەوە، هەروەها داوای پشتیوانی لە خەڵکی فەڵەستین کرد کە لە بواری فریاگوزاری و ناساندنی تراژیدیاکەیان و هێشتنەوەی دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان کە بەرپرسن لە ئاگادارکردنەوەی نەوەی نوێ لە مێژووی قەیرانەکەدا.